# پەروەردەی تایبەت؛ تا چەند بۆ کوردستان گرنگە؟

فەرهاد جەهانمیهەن*

ئەم وتارە بریتی دەبێ لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دەدەم شیکاری لەسەر دوو چەمکی کەمتوانا و خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەم کە بەداخەوە لە باشووری کوردستان زۆر بە هەڵە بەکار هێندراوە و بووە بە بەشێک لە زمانی نووسین لە ئەدەبییاتی کوردیدا. بەشی دووەمی ئەم وتارە دەبێتە باسێکی تیۆری لەسەر پەروەردەی تایبەت.

## پێشەکی

## چەمکی پـــەروەردەی تایبەت و منالانی خاوەن پێداویستیی تایبەت:

ئەوەی کە زۆر پێویستە ئێمە دەبێ چەمکەکان بە دروســـتی بـــەکار بێنین. چەمکـــی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت، چەمکێکی پەروەردەییە کە دەبێ لە وشـــەی کەمتوانـــا یان کەمئەندام جیا بکرێتـــەوە. خاوەن پێداویســـتیی تایبەت یان منالانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت ئەو منالانـــە یان گەنجانە دەگرێتەوە کە کێشـــەی فێربـــوون، خوێنـــدن، نووســـین، بیـــرکاری و کێشەی هەڵسوکەوتیان لە سیستمی خوێندن لـــە خوێندنگەدا هەیە. زۆرینـــەی کەمتوانایان واتە کەمئەندام هیچ جۆرە کێشەیەکی لەگەڵ خوێندن، فێربوون و هەڵسوکەوت لە قوتابخانەدا نییـــە، تەنیا پێویســـتە ژینگـــەی قوتابخانە بۆ ئـــەو کەمتوانایانە بگونجێندرێت و کەرەســـەی تایبەتیان لە قوتابخانەدا بۆ دابین بکرێت.

چەمکی کەمتوانا یان کەمئەندام لە تیۆریدا بە ژینگە و کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە. کەسێک کە کەمتوانایە، ئەو کەمتوانایی و کەمئەندامییەی کاتێ دەبێت بە کێشە کە دەکەوێتە ناو ژینگە و کۆمەڵگەیەکی نەگونجـــاوەوە. کاتێک ژینگە و کۆمەڵگەش نەگونجـــاو بێت، ئەو کاتەیە کە هەڵاواردن و نایەکســـانی لەنێوان هاوولاتییاندا دروست دەبێت. هەر بۆیەش ڕوانگەیەک هەیە کە پێیوایە ژینگـــە و کۆمەڵگەیە هاوولاتییانی کەمئەنـــدام دەکا. بـــە واتەیەکـــی تـــر، ئەوە کۆمەڵگەیە کە کەمئەندامە نەک هاوولاتییانی. جیاکردنەوەی ئـــەو دوو چەمکە واتە کەمتوانا و منالانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشـــتن لە پەروەردەی تایبەت و ئەو یارمەتییانەی کە منالانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیانە بۆ ئەوەی کە بتوانن لە خوێندندا سەرکەوتوو بن.

### ١ پەیماننامـــە نێونەتەوەیـــی و بەڵگەنامەکان لەســـەر تێکەڵاویـــی منـــالان لـــە پۆلـــی وانەگوتنەوەدا[١]

یاســـای ســـتانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ســـەقامگیرکردنی مافی بەشداری و یەکسانیی کەمتوانایان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لەو دامەزراوەیەدا پەسەند کرا، بریتییە لە ٢٢ بەند، بەندی ٧یش بـــاس لە مافی خوێندن بۆ کەمتوانایان دەکات. یاســـای ســـتاندارد زیاتر داوا لە ولاتانی ئەندام دەکات، کە ژینگـــە و کۆمەڵگە بۆ کەمتوانایان بگونجێنن بـــۆ ئەوەی کەمتوانایـــان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەکوو هەموو هاوولاتییەک بەشـــداری لە ژیان، چالاکـــی و کاری ڕۆژانەدا بکەن. Socialdepartementet 1995

پەیماننامەی مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مـــرۆڤ: ئەو پەیماننامەیە لە ســـاڵی ٢٠٠٦ لە نەتـــەوە یەکگرتووەکاندا پەســـەند کرا و مافی ٦٥٠ میلیۆن کەمتوانا لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزێـــت. پەیماننامەکـــە ٥٠ بەنـــدە و لە پرۆتۆکۆلێک پێک هاتـــووە. لەو پەیماننامەیەدا بەندی ٢٤ واتە خوێندن بۆ کەســـانی کەمتوانا بەپێی بنەمای یەکسان وەکوو ئەوانی تر دیاری کراوە. کاتێ ولاتێک پەیماننامەکە واژۆ دەکات، دەبێ ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ سیستمی یاساییی خۆیدا بگونجێنێـــت. کاتێک پەیماننامەکە واژۆ کـــرا، ئەوە ئـــەو ولاتە ناچار دەبـــێ کە بەپێی پەیماننامەکە لەگـــەڵ هاوولاتییانی کەمتواناندا هەڵسوکەوت بکات. SOU 2008

بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا لە ساڵی ١٩٩٤دا پەســـەند کـــرا. ئـــەو بەڵگەنامەیـــە تایبەتە بە پەروەردەی تایبەت و منالانی خاوەن پێداویستیی تایبـــەت. بەڵگەنامەکە لە چوارچێوەی خوێندن بۆ هەموان دارێژراوە. بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا لەسەر ئاســـتی جیهاندا وەکوو بەڵگەنامەیەکی گرینگی یونسکۆ دەبینرێت. بەپێی بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا، ولاتانی جیهان ڕێک کەوتوون کە منالانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبێ بەبێ هەڵاواردن لە سیســـتمی پەروەردەی گەشتیدا بەشـــدار بن. خاڵێکی گرینگی ئەو بەڵگەنامەیە مەسەلەی «inclusion» تێکەڵاوییە.

بەنـــدی ٧ لە بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا زۆر

گرینگە: ٧- «یەک لە پرەنسیپە بنچینەییەکان بــۆ فێرگــەی گونجــاو ئەوەیــە، کە تــا ئەو جێگەیەی دەگونجێت هەمـــوو منداڵان دەبێ لەگــەڵ یەکتردا وانە بخوێنـــن، ئەویش بەبێ لەبەرچاوگرتنی دژواریــی منداڵەکە، یان بەبێ جیاوازییەکی ناوخۆیی.

فێرگە گونجــاوەکان دەبێ قبووڵی بکەن و بتوانن وەڵامدەر بن بۆ پێویستی(پێداویستی)یە جیاوازەکانــی ئەو قوتابییانــە، هەروەها بواری جۆراوجۆر هەبێ هەم بۆ شــێوازی فێربوون و هەمیش بۆ ڕەوتی فێربوون. هەر بەم شــێوەیە بە چۆنایەتییەکی باشەوە بتوانرێت وانەگوتنەوە بــە هەمـــوان ئەویش بە ڕێگــەی پلاندانان بە کۆرسی گونجاو، شــێوازی پەروەردە، هەروەها بەکارهێنانی کەرەســە و هاوکاری بە ناوچەکە بدرێــت. یارمەتــی و خزمەتگــوزاری دەبــێ بە شــێوەیەکی بــەردەوام بەردەســت بێت بۆ یارمەتیــدان بەو فێرگەیەی کە پێویســتی بە یارمەتیی تایبــەت هەیە. ( Svenska Unes-corådet, 2006)

هەر بۆیەش چەمکی خاوەن پێداویســتیی تایبەت چەمکێکی پەروەردەییە و هەر دەبێ لە بواری پەروەردەدا ئەم چەمکە بەکار بهێنرێت. لە یاســای ســتاندارد و لە پەیماننامەی مافی کەمتواناییاندا ئــەم چەمکە بەکار نەهێنراوە، لە بری ئەوە ئەم چەمکە تەنیا کاتێ بکار دێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو منداڵانەوە هەیە کە کێشەی فێربوون، خوێندن، نووسین، بیرکاری و هەڵسوکەوتیان لە پۆلدا هەیە.

### ٢ تایبەتمەندیــی پەروەردەی تایبەت لە چیدا دەبینیــن؟ کورتە باســێکی مێژوویی لەســەر هەندێک تیۆریی پەروەردەی تایبەت

زۆر جــاران کە باســی پــەروەردەی تایبەت دەکرێت و دەپرســن تایبەتمەندیی پەروردەی تایبــەت چییە، تەنیا وەڵامێــک کە دەتوانرێ بدرێتــەوە ئەوەیە: کاتێ پەروەردەی گشــتی نەتوانێــت لە پۆلــدا یارمەتیی منــاڵان بدا بۆ فێربـــوون لــە خوێندنــگادا، ئــەو کاتەیە کە پــەروەردەی تایبەت دەتوانێــت دەوری خۆی لــە قوتابخانەدا ببینێت و یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات کە خــاوەن پێداویســتیی تایبەتن. بۆ وێنە منداڵێک کە کێشــەی لەگەڵ بیرکاری، یان نووســین و خوێندنەوە هەیــە، لە ڕێگای پــەروەردەی تایبــەت و کەرەســتەی تایبەت یارمەتیــی ئەو منداڵانە دەدرێــت بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە بتوانن لە خوێندندا سەرکوتوو بن.

لە ڕوانگەیەکی مێژووییــەوە پەروەردەی تایبــەت هەرچەندە بەشــێکی زۆر کۆن نییە وەکوو زانســت، کار و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی. پێش ئــەوەی کە پــەروەردەی تایبەت وەکوو بەشــێکی ســەربەخۆ لەنــاو ئاکادیمیدا جێ بگرێــت، زۆربــەی لێکۆڵینــەوەکان کە تێزی دوکتورایــان لەســەر کەمتواناییان دەنووســی، دەروونناــاس بوون. هەر بۆیــە دەتوانین بڵێین کــە لێکۆڵینەوەکانی پەروەردەی تایبەت زۆرتر لەســەر کەمتواناییان وەکوو نابینایان، کەڕولاڵ و منداڵانــی «دواکەوتووی عەقڵی» (دواکەوتووی ئاوەزی/ هۆشــەکی) بــووە تــا منداڵانێک کە کێشەیان لەگەڵ فێربوون، خوێندن، نووسین، بیرکاری و هتد هەبوو.

لەو ٢٠ ساڵەی دواییدا پەروەردەی تایبەت زیاتر ئەو منداڵانەی گرتووەتەوە کە کێشــەیان لەگەڵ فێربوون لە پۆلدا هەیە. هەروەها هەندێک لێکۆڵینەوەی پەروەردەی تایبەت هەیە لەسەر منداڵانی پەنابەر (ئــەو منداڵانەی کە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون  بۆ هەندەران لە دیاسپورا دەژین، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە لە وڵاتانی شەڕەوە هاتوون و گرفتی هەڵســوکەوتکردن، کێشەی فێربــوون و زمانیان هەیە)، لە هەندیک وڵاتان لــە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتــەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کەمینەکان (کێشەی منداڵانی ڕۆمەکان، دۆمەکان و ڕەشپێستەکان) کراوە و دەکریت.

کاتێــک کە باســی پــەروەردەی تایبەت دەکرێت، ئــەو پەروەردەیە دەبەســترێتەوە بە بوونــی پەیوەندیی لەنێوان تاکەکەس، ژینگە و کۆمەڵگە. هەر بۆیەش بــۆ ئەوەی بە زووترین

کات کێشـــەی منداڵانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت ببینینەوە، دەبێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە کێشـــەی ئـــەو منداڵانە بڕوانیـــن، واتە هەم لە ڕوانگەی تاکە کەســـی و هـــەم لە ڕوانگەی سیستمەوە بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت بدەین. هەروەها پێویســـتە پرۆگرامێک بۆ ئەو منداڵانە دروســـت بکرێ کە پەیوەندی بە هەموو ڕۆژی منداڵەکەوە هەبێت. بۆ نموونە ئەو کێشـــەیەی کە منداڵەکە لە قوتابخانەدا هەیەتی، هەمان کێشەشـــی لە ماڵدا هەیە. ئەگەر جیاوازیی زۆر هەبێ لەنێوان هەڵســـوکەوتی منداڵەکە لە ماڵەوە و قوتابخانە، کێشەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی ماڵ یان بۆ ژینگەی قوتابخانەکە.

بـــۆ نموونـــە: منداڵێـــک لـــە داینگـــەدا هەڵسوکەوتی زۆر باش نییە، زوو زوو شەڕ دەکا و لـــە منداڵی تر دەدا، یان لـــە کاتی یاریکردندا هەدادانی نییە، ئەو منداڵانە کێشـــەیان لەگەڵ کۆدەکانی یاریکردن و کۆدە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. واتە فێری کـــۆدی یاری کردن و کۆدە کۆمەڵایەتییـــەکان نەبوون و ناتوانێ لەســـەر نۆبەی خۆی ڕاوەســـتێ لـــە کاتی یاری کردن لەگەڵ هاوپۆڵەکانی. کاتێ مامۆســـتا بۆ دایکی منداڵەکە باس دەکا کە کوڕەکەی یان کچەکەی شـــەڕانییە لە داینگە، دەبێتە شۆک بۆ دایک و باوک. لێرەدا دەبینین منداڵەکە لە دوو ژینگەی ماڵ و قوتابخانەدا زۆر جیاوازە. ڕەنگە ئەو منداڵە لە ماڵەوە تاقانـــە بێت، بەڵام کە دێتە ژینگەی داینگـــە و قوتابخانە دەبێ بتوانێ خۆی لەگەڵ ٢٠ تـــا ٣٠ منداڵیتربگونجێنـــێ لە کلاس و دەرەوەی کلاسدا.

کاتێک باسی پەروەردەی تایبەت دەکرێت، دەتوانیـــن پەروەردەی تایبەت بە ســـەر ســـێ پارادایمـــی جیاواز یان ســـێ ڕوانگە و تیۆریی جیـــاوازدا دابەش بکەین لـــە ڕوانگەی توێژەر (Skidmore 1996).

پارادایمـــی دەروونناســـی و پزیشـــکی: ئەو پارادایمـــە خۆی لە لێکۆڵینەوەکانی پزیشـــکی و دەروونناســـیدا دەبینێتـــەوە. فوکوســـی ئەم پارادایمە ئەوەیە، کێشـــەکە لە تاکدا دەبینێ و کێشـــەکە وەکوو بەشـــێ لە لەشی تاکەکەسدا دەبینێـــت. هەر بۆیە هـــەوڵ دەدرێ لە ڕێگای داودەرمان چارەســـەری بۆ کێشەی ئەو منداڵانە بدۆزنەوە.

پارادایمـــی کۆمەڵناســـی: بەپێچەوانـــەی پارادایمـــی دەروونناســـی و پزشـــکی، لـــە توێژینەوەکانی کۆمەڵناســـیدا، کێشـــەکان لە ســـتراکچێری نـــاو کۆمەڵگـــەدا دەبینێت. لەم ڕوانگەیەدا کێشەکان لە تاکەکەس و قوتابییەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاســـتی کۆمەڵگە. بەپێی ئەو ڕوانگەیە پەروەردەی تایبەت دەبێت بە کەرەسە بۆ جیاکردنـــەوەی منداڵان لـــە قوتابخانەدا. بە واتایەکیتر، ئەو پارادایمە پێی وایە پەروەردەی تایبـــەت دەبـــێ بە هـــۆکاری هـــەڵاواردن و نایەکسانی لەنێوان منداڵان لە قوتابخانەدا، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا. ئەم ڕوانگە و تێڕوانینە یارمەتی دەدات بە:

١ مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانە تێگەیشتنیان دەبـــێ بۆ ئەوەی کە منداڵان لـــە قوتابخانەدا بە شـــێوەیەکی نەرێنی (نگەتیـــڤ) مۆرکیان لێ دەدرێت، ئەویـــش بە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە یـــان قوتابی دیاگنۆس دەکرێ و وەک قوتابیی دیاگنۆســـی، ADHD یان autism نیشـــانە دەکرێن. ٢ ئەوەش دەبێتـــە هۆی ئەوەی کە دوو سیســـتمی فێربوونی جیاواز و نایەکسان، هاوتەریب دروست دەکرێت و بەڕێوە دەچێت؛ واتە سیستمی پەروەردەی گشتی و سیستمی پەروەردەی تایبەت.

پارادایمـــی ئیداریی یـــان ڕێکخراوەییانە: لەم پارادایمەدا کێشەی سەرەکی لە قوتابخانە وەکوو سیســـتمی ئیداری دەبینێت، ئەوەی کە پارادایمی کۆمەڵناسی و ئیداریی هاوبەشن. بۆیە ئەوان کێشەکە لە تاکەکەسەوە نابینن، بەڵکوو کێشـــەکە لە ســـتراکچێری کۆمەڵگە، ئیداری و ڕێکخســـتنی قوتابخانەدایە. تێڕوانینێک کە «خوێنـــدکار دەبێ خـــۆی لەگـــەڵ قوتابخانە

بگونجێنێت»، لە جیاتی ئەوەی کە بەپێچەوانە بێ، بە ڕیشەی بنەڕەتیی کێشەکە پێناسە دەکرێت. لە پارادایمی کۆمەڵناسی و ئیداریدا پێیانوایە کە دەبێ قوتابخانە خۆی لەگەڵ خوێندکار بگونجێنێ. (Skidmore 1996, Jokobsson & Nilsson 2017, Nilholm 2007)

لە چوارچێوەی ئەم سێ پارادایمەدا، دەتوانین بڵێین کە پەروەردەی تایبەت بەسەر دوو ڕوانگە و تیۆریی جیاواز لەسەر کێشەی تێکڵاویی مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پۆلدا هەیە، دابەش دەبێت.

**١ ڕوانگەگەلی موتڵەق و تاکەکەسی:** واتە قوتابی یان مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، کێشەیەکی تاکەکەسییە. بە واتەیەکی تر، کێشەکە لە لەشی ئەو مناڵانەدایە. هەر بۆیە پێویستە ئەو مناڵانە لە قوتابخانە و لە دەرەوەی پۆلدا قەرەبوو بکرێنەوە. بە واتەیەکی تر، ئەو مناڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتانە لە قوتابخانەدا گرووپی بچووک و تایبەتیان بۆ دروست کەن و مامۆستای تایبەت یان مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە دەرەوەی پۆلدا وانە بەو مناڵانە بڵێنەوە. دیارە ئەو ڕوانگەی تاکەکەسییە هەتا ٢٠ ساڵ لەمەوپێش تەنیا ڕوانگەیەک بوو کە بەکار دەهێنرا لە سیستمی پەروەردەیی لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا. ئەم ڕوانگەیە لە لایەن کۆمەڵناسان و ڕێکخراوی کەمتوانایان کەوتە بەر هێرشی ڕەخنەی زۆر. هەروەها گەلێک لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی هەیە کە پێیانوایە ئەم ڕوانگە تاکەکەسییە نەک تەنیا نایەکسانی لە نێوان مناڵان لە قوتابخانەدا دروست دەکا، بەڵکوو ئەو ڕوانگە تاکەکەسییە وا دەکا ئەو مناڵانە لە بواری کۆمەڵایەتی دوا بکەون. واتە ئەم مناڵانە کاتێ گەورە بوون زۆر دژوار دەبێ خۆ لەناو کۆمەڵگادا بگونجێنن. چونکە ئەو مناڵانە کە گەورە دەبن لە کۆمەڵگادا جێگایان نابێتەوە، چونکە فێری کۆدە کۆمەڵایەتییەکان نەبوون. هەر بۆیە زۆرینەی ئەم کەسانە زۆر تەنیا دەمێنن لە کۆمەڵگادا. ڕیسکی هەراسان کردن و پێرابواردن زیاتر دەبێ بە نیسبەت ئەو مناڵانە جا چ لە کۆمەڵگادا چ لە قوتابخانەدا. Emanuelsson, Persson & Rosenqvist 2001

**٢ ڕوانگەگەلی پێوەندییانە:** کێشەکە بە مناڵەکە وەکوو تاک نابەستێتەوە، بەڵکوو لە پەیوەندیی نێوان تاک، ژینگە و لە سێ ئاست (تاک، گرووپ و کۆمەڵگە)دایە. Fischein 1996,

ئەم ڕوانگەگەلی پێوەندییانە پێیوایە تێکڵاوی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کە مناڵ بتوانێ پەیوەندی دروست بکات. پۆل یەکێک لەو شوێنە گرینگانەیە بۆ ئەوەی مناڵ بتوانێت پەیوەندی دروست بکا و هاوڕێ و دۆست بۆ خۆی پەیدا بکات. زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان پەیوەندیی مناڵان لە قوتابخانەدا زۆر بە گرینگ دەزانن. ڕاستییەکەی زۆربەی مناڵان کە دەچن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوە ناچن وانە بخوێنن، بەڵکوو بۆ ئەوە دەچن کە پەیوندی دروست بکەن تا هاوڕێ و دۆستیان هەبێت.

ئەم ڕوانگەیە، دیموکراتی و یەکسانیخوازە و مناڵ وەکوو هاووڵاتی بە مافی یەکسان دەبینێ. هەر بۆیەش تێکەڵاویی بە بەشێک لە مافی مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبینرێت، تا مناڵان بەگشتی و مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بەتایبەتی، لە پۆلدا لە ئەزموونی یەکتر کەڵک وەرگرن. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە کە مناڵان جیاوازن و کات و ساتی جیاوازیان پێویستە بۆ فێربوون. هەر بۆیە دەبێ لە پۆلدا لەو جیاوازییەی مناڵان وەکوو سامان کەڵک وەربگیرێت نەک وەکوو بارگرانی، چونکە مرۆڤ بە جیاوازییەکانەوە جوانە.

پوختەی ئەم دوو ڕوانگەیە ئەوەیە: ڕوانگەیەک پێی وایە کە کێشەکە لە لەشی تاکدایە و دەبێ ئەو مناڵانە لە پۆل بکرێنەدەرەوە و بە تەنیا یان لە گرووپی چەکۆلەدا لە ڕێگای مامۆستای تایبەتەوە دەرسیان پێ بگوترێ.

ڕوانگەی تریش پێیوایە کێشەکە لە ژینگە (ژینگەی دەوروبەری منداڵ و کۆمەڵگە) دایە. مامۆستا دەبێ ژینگەی پۆل بۆ هەموو منداڵان بگونجێنێ و، شێواز و مێتودی وانەگوتنەکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی هەموو منداڵان بتوانن کەڵک لە وانەگوتنەوەی مامۆستاکە وەرگرن.

**٣ چۆن دەتوانین لە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتەوە یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدەین؟**

پەروەردەی تایبەت گرینگە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت لە کاتی پێویست لە پۆلدا یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدات. کاتێ مامۆستا لە پۆلدا دەزانێت منداڵان کێشەی فێربوونیان هەیە، دەبێ بە زووترین کات داوا بکات کە مامۆستای پەروەردەی تایبەت بێتە ناو پۆلەکەوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە پۆلدا چاو لە هەڵسوکەوتی قوتابی و شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا بکات. مامۆستای پەروەردەی تایبەت بۆ ئەوەیە زیاتر یارمەتی و ڕێنمایی بدا بە مامۆستا کە چۆن و بە چ شێوەیەک وانەگوتنەوەکەی لەگەڵ ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەدا بگونجێنێت.

مامۆستا و مامۆستای پەروەردەی تایبەت و بنەماڵەی منداڵەکە بەیەکەوە پرۆگرامێ دادەنێن کە لەنێوان ٦ حەوتوو بۆ ٦ مانگە. دوای ئەو قۆناغە لەسەرڕاوە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەک لە یارمەتیدان و چارەسەرکردنی گرفتی ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتە سەرکەوتوو بوون.

کێشەی سیستمی پەروەردە ئەوەیە کە قوتابییەکی زۆر لە یەک پۆلدا هەیە و مامۆستا پێڕاناگات لە پۆلدا زیاتر یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدات. کێشەیەکی‌تر ئەوەیە کە تەواوی قوتابییەکان یەک کتێب بەکار دێنن و دەبێ کتێبەکەش لە کاتێکی تایبەتدا تەواو بێت. بۆ نموونە کتێبێکی بیرکاری دەدەنە هەموو قوتابیان و دەبێ لە کاتێکی دیاریکراودا ئەو کتێبەیان تەواو کردبێت، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کە منداڵان جیاوازن و کات و ساتی جیاوازیان دەوێ بۆ فێربوونی بیرکاری یان بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە.

کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە گەلێک منداڵ لەو ١٠ تا ١٥ ساڵەدا دیاگنۆس کراون، بۆ نموونە بە دیاگنۆسی ADHD، دیارە پێویست ناکات لێرەدا و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە باسی کێشە و زیانی دیاگنۆس بکەین، چونکە کاتێ منداڵێک دیاگنۆسی «ADHD»ی بۆ دەکرێت، ئەو منداڵە دەبێ بە بەشێ لە دیاگنۆسەکە و بۆ هەتاهەتایە ئەو منداڵە مۆرکی لەسەر دەدرێت. (Goffman 2011). دیاگنۆسکردنی منداڵ لە باری پزشکییەوە ڕەنگە باش بێت بۆ ئەوەی چارەسەری دەرمانی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام هەبوونی دیاگنۆس هیچ گرینگییەکی بۆ مامۆستا نییە، لەبەر ئەوەی مامۆستا دەبێ شێوەی وانەگوتنەوەکەی بۆ هەموو قوتابیان بگونجێنێت، جا چ دیاگنۆسیان هەبێت یان نە.

گرینگە بزانین کە لە سیستمی وڵاتی سوید مامۆستای تایبەت و مامۆستای پەروەردەی تایبەت هەیە و دوو پرۆگرامی جیاوازن و لە زانکۆکانی سوید دەیخوێنن. مامۆستایان دوای کۆلێژی مامۆستایەتی و چەند ساڵ کارکردن لە کاری مامۆستایەتیدا ئەزموون کۆدەکەنەوە و، دوای چەند ساڵ کارکردن وەکوو مامۆستا دەتوانن لە زانکۆ داوای خوێندن بکەن و وەرگیرێن لە پرۆگرامی مامۆستای تایبەت یان مامۆستای پەروەردەی تایبەت.

مامۆستای تایبەت: کاری ئەوە دەبێت یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات کە کێشەیان لەگەڵ خوێندن، نووسین و بیرکاری، هەروەها ئەو منداڵانەی کە کێشەی هەڵسوکەوتیان لە قوتابخانەدا هەیە. مامۆستای تایبەت یارمەتیی ئەو منداڵانە دەدات جا چ وەکوو تاک بێت یان لە گرووپی بچووکدا، بەڵام لە دەرەوەی پۆلدا. ئەرکی مامۆستای تایبەت ئەوەیە کە یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات بۆ ئەوەی بتوانن لە خوێندندا

سەرکەوتوو بن.

مامۆستای پەروەردەی تایبەت: کاری مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئەوەیە کە وەکوو راوێژکار یارمەتیی مامۆستایان بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک وانە بڵێنەوە و چۆن وانەگوتنەوەکە بۆ هەموو منالآن لە پۆلدا بگونجێنرێت.

منالآنی خاوەن پێداویستیی تایبەت پێویستیان بە ستراکچێر و رۆتینی رۆژانە هەیە. مامۆستا دەبێ هەوڵ بدات شێوازی وانەگوتنەوەکەی بگونجێنێت. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دوو منالّ دەتوانن هەمان دیاگنۆسیان هەبێت، بەلآم پێویستیی ئەو دوو منالّە لە پۆلدا دەتوانێت زۆر جیاواز بێت.

## ٤ کێشەی پەروەردەی تایبەت لە کوردستان و هۆکارەکانی

من ساڵی ٢٠٠٩ لە کوردستان بووم، لە سلێمانی سمیناریان بۆ رێک خستم، گەلێک مامۆستا لەوێ بەشدار بوون و خۆیان وەکوو مامۆستای پەروەردەی تایبەت دەناساند. دوایی بۆم روون بووەوە کە ئەو مامۆستایانە وەکوو مامۆستای پەروەردەی تایبەت تەنیا خولێکی ٤ تا ٥ رۆژەیان بینیوە. وا بزانم ساڵی ٢٠١١ ئێمە کۆنفرانسێکی پەروەردەییی تایبەتمان لە زانکۆی راپەرین بەرێوە برد، کۆنفرانسێکی باش بوو، بەلآم بە هۆی هەندێک هۆکار نەمانتوانی پەرە بە کارەکان بدەین.

دیارە ئێستا لە کوردستانیش بەشی پەروەردەی تایبەت کراوەتەوە، بەلآم پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کێن ئەو کەسانەی وانەی پەروەردەی تایبەت دەڵێنەوە؟ بەپێی ئەزموونی خۆم، ئەوانەی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت دەکەن بۆ نموونە لە سلێمانی، لە زانکۆ بەشی دەروونناسییان خوێندووە، هیچیان پەروەردەی تایبەتیان نەخوێندووە. ئێمە دەبێ جیاوازیی لەنێوان پەروەردەی تایبەت و دەروونناسیدا بکەین. پەروەردەی تایبەت زانستێکی هەمەزانستییانەیە (گشتگیر)، تیۆری و مێتۆدی زۆر جیاواز بەکار دەهێنێت، بەلآم دەروونناسی بەشێکی زۆر بچووکە لەناو پەروەردەی تایبەتدا.

پێموایە کێشەی زۆربوونی دیاگنۆسی (ADHD) یان (Autism) لە کوردستان ئەوەیە کە ئەو دەروونناسانە تەنیا لە روانگەی تاکە کەسییەوە دەروانە ئەو منالآنە و کێشەی ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵگە لەبەرچاو ناگرن. تەنانەت لەسەر ئەوەی کە منالّ لە چ تەمەنێکدا دیاگنۆس بکرێت، بیروڕای جیاواز هەیە. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان پێیان وایە کە نابێ منالّ پێش تەمەنی ٧ ساڵی دیاگنۆسی بۆ بکرێت، چونکە منالّ دەتوانێت گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا بێت، هەروەها دەبێ ژینگەی ئەو منالّە و ژینگەی دەوروبەری لەبەرچاو بگیرێت.

## ئاکام

## چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانین پەروەردەی تایبەت لە کوردستان بەکار بێنین؟

پەروەردەی تایبەت بۆ کوردستان گەلێک گرینگە، تەنانەت پێویستە گەلێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە بواری پەروەردەی تایبەتدا بکرێت. دیارە پەروەردەی تایبەت بۆ کوردستان دەبێ لەگەڵ کەلتوور و سیستەمی کوردەواری بگونجێت (با وەکوو هێنانی سیستەمی پەروەردەی سوید بۆ کوردستانی باشووری لێ نەیەت). من پێم وایە ئەوەی کە بەناوی سیستەمی پەروەردەی سوید هێنرایە کوردستانی باشوور، پەروەردەی کوردستانی کاول کرد. وا بزانم هەندێک پرۆگرامی ئاوتیسمی ئەمریکی و ئەورووپی دێنن بۆ کوردستان و دیانەوێ بەکاری بێنن، پێم وانییە دروست بێت، چونکە کۆمەڵگە و پێکهاتەی کوردستان و ئەو وڵاتانە زۆر جیاوازە.

گەلی کورد گەلێک ساڵە لە شەڕ و جەنگدایە، لێدان، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی وای

کردووە کە منالآن کێشەی فێربوون، خوێندن و هەڵسوکەوتیان هەبێت. منالّی ژینگەی شەڕ، منالّـــی چینی هەژار و منالّـــی کەمایەتییەکان هەندێک جار پێویستیای بەوەیە یارمەتی بدرێن بۆ گەشەکردن لە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتەوە. هەر بۆیە پێویســـتە پەروەردەی تایبەت بکرێت بە بەشێکی گرینگ لە داهاتوودا لە کوردستان. بۆ نموونـــە، هەتا لە پۆلدا منـــاڵ کەمتر بێت، بۆ منالآنی خاوەن پێداویستیی تایبەت باشترە، چونکە مامۆســـتا دەتوانێت باشـــتر بەو منالآنە ڕابـــگات و زیاتـــر وانەکانیان بۆ شـــی بکاتەوە. ڕێگەیەکـــی تر ڕەنگە پێویســـت نەکات هەموو منالآنی یەک پۆل هەمـــان کتێبیان هەبێت و، ڕەنگە پێویســـتیش نەکات کە لە یەک ســـالّدا دەبێ کتێبەکە تەواو بکا.

بـــە بۆچوونـــی من، ئـــەو کەســـانەی کە پـــەروەردەی تایبـــەت دەخوێنـــن و دەبن بە مامۆستای پەروەردەی تایبەت، پێویستە مێتۆد، تیۆری و ڕوانگەی جیـــاواز بخوێنن، بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیی منالآنی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت بدەن. ئێمە لە کوردســـتان پێویستمان بـــە پەروەردەیەکی تایبـــەت هەیە کە منالآن لە کەلتووری شـــەڕ، زەبروزەنگ، ڕق و کین و هەراســـان کردن و پێڕابواردن بە یەکتر ڕزگار بکات و بـــەرەو کەلتوورێکی یەکســـانیخوازی، دادپەروەری و دیموکراسی هەنگاو بنێت. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی پەروەردە و پەروەردەی تایبەتەوە دەتوانیـــن ئەم کەلتوورە بۆ نـــەوەی داهاتووی کوردســـتان دروســـت بکەین. یارمەتیدەر بین بۆ منالآنی خـــاوەن پێداویســـتیی تایبەت کە بتوانن بە شـــێوەیەکی یەکسان مافی خوێندن و فێربوونیـــان هەبـــێ وەکوو هەمـــوو منالآنی کوردســـتان. پەیماننامەی مافـــی کەمتوانایان و پەیماننامـــەی مافی منـــالآن و بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا گەرەنتییـــە بـــۆ دروســـتکردنی ژینگەیەکی یەکســـان بۆ منالآنـــی کەمتوانا و خاوەن پێداویســـتیی تایبەت بۆ بەشـــداری لە خوێندن لە پەروەردە و خوێندنگەی گشتیدا.

*. خوێندکاری دوکتورا لە بەشـــی زانســـتیی منالآن و لاوان لە زانکۆی ستۆکۆڵم. مامۆســـتا لە کۆلێژی مامۆستایان لە زانکۆی سودرتوون.

## سەرچاوەکان


Emamuelsson, I., Person, B.,Rosenqvist, J.(2001). Forskning inom det specialpedagogiska området: en kunskapsöversikt. Stockholm: Skolverket

Fischbein, S. (1996). Specialpedagogik och lärarutbildning. Pedagogisk forskning i Sverige 1 (2); 89-99

Goffman, E. (1963). Stigma. Notts on the mangement of spoiled identity. A touchstone book. Published by Simon & Schuster INC. New York. London. Toronto.

Jakobsson, I & Nilsson. (2017). Specialpedagogik och funktionshinder. Att möta barn och unga med funktionsnedsättningar i en utvecklande miljö. Stockholm. Natur & kultur.

Nilholm, C. (2007). Perspektiv på specialpedagogik. Lund. Studentlitteratur.

Skidmore, D. (1996). Towards and integrated theoretical framework for research into special educational need. Routledge: Europan Journal of special needs Education.

UNICEF.(1989). Convention on the Rights of the Child: https://www.unicef.org/child-rights-convention

Socialdepartementet (1995). Standardregler för att tillförsäkra människor med funktionsnedsättning delaktighet och jämlikhet. Stockholm SOU 2008: 23. Convention on the Rights of Persons with Disabilities. Stockholm. Socialdepartemente

Svenska Unescorådet. Salamancadeklarationen och Salamanca +10. Stockholm: Svenska Unescorådet, 2006. Svenska Unescorådets skriftserie 2/2006.


## ژێدەر

١. دیـــارە دەبێ جیـــاوازی بکرێت لە نێـــوان پەیماننامە لەگەڵ بەڵگەنامـــە. پەیماننامە بارێکی یاســـایی هەیـــە. کاتێک ولآتێک پەیماننامـــەی واژۆ دەکا دەبێ بەپێی ئـــەو پەیماننامەیە لەگەڵ هاوولآتییـــان هەڵلســـوکەوت بکرێـــت. ئـــەو پەیماننامانە مافی هاوولآتییان وەک مافی مـــرۆڤ دەپارێزێ. بەلآم بەڵگەنامە زیاتر ڕوویەکی سیاســـی هەیە. واتە بەڵگەنامە تەنیا پێشـــنیار دەکا بە ولآتەکان، بەلآم پەیماننامە ولآتەکان ناچار دەکا کە بۆ وێنە مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ بپارێزێ.